
# نیگای سەر ڕێ



**لومە دەروێش**

وەک گەڵایەکی وەریووی پاییز
وەک ژنێکی لە مێژە چاوەڕوان و زیز،
لەسەر ڕێگا نیگام دەکردیت
ڕێبوارێک بوویت منی وەک "با"
سەمای وەرزم لەگەڵ دەکریت،
ڕێگایەک بوو پڕ فەنتازیا
پڕ لە گوڵ و گوڵزار
خاڵیی خاڵیی لە گژ و گیا،
نیگای سەر ڕێی هیچ کەسێک وەک هی من نەبوو
هیچ کەس وەک من گەڵایەکی وەریووی سەر ڕێگا نەبوو،
کێ بیری لە گەڵای وەریووی سەر ڕێ کردۆتەوە؟
کێ وەک ڕێبوارەکەی من گەڵای وەریووی لە ئامێزیا جێگا کردۆتەوە؟
گەڵای وەریووی سەر ڕێ هەر سووتێنراوە
زبڵێک بووە لە گەرووی تینووی ئاگر کراوە،
گەڵای وەریوو لەلای ڕێبوارەکەی من زێڕێک بوو
یادگارێک بوو، لە چوارچێوەی شیعرێکدا هەڵگیرا بوو،
نیگای سەر ڕێ یادگاری منە
خەنەوانکەیەکی زێڕیین
خۆری هەڵهاتووی ژیانی منە،

**هەرچییەک دەژییم نیگای سەر ڕێیە**
**سەرنج لە هەر شتێک دەدەم**
**بۆنی سنگ و ئێخەی ئەوی لێیە،**
**ماڵەکەم پڕ بووە لە تابلۆی نیگای سەر ڕێ**
**پاساریی بەردەرکی ماڵەکەشم بۆ دیمەنی تۆ دەخوێنێ،**
**پێخەفەێکم هەیە لە گەڵای وەریوو**
**سەراپای خۆم بە "با"ی بێدەنگیی داد تەزیوو،**
**وەرە ڕێبواری من**
**گەردنلغی بووکی ژیان**
**ڕێبوارە غەمگیین و سەفەر درێژەکەی ڕۆژانەی من،**
**تۆ فەنتازیایەکی مۆدێرنیت**
**پیاوێکی تاک و تەنهای ناو هەموو پیاوەکان**
**غەمگیینترین ڕێبواری گشت سەفەرەکانیت،**
**لە هەموو چوونێکتدا کەس بە گوڵێکەوە پێشوازیی لێنەکردیت**
**لە هەموو هاتنەوەیەکتدا دەستێکی تەوقەیان نەگووشیت**
**ملوانکەی سووپاسێکیان لە مل نەکردیت.**

21.04.2007 دانیمارک